# کۆچ

## کۆژان

بۆ بوونت ئەم لاشەی ئێوارە برینێ گەورەیە
تا ئەژنۆت زوخاوی سوتانتە
بۆ ناچی؟
لە سەکۆی بڕیاری کام خەما
وەستاوی و مل کەچی؟
چەقۆی بیر لە ملی کام ئازار هەڵ ئسوی
لە مەرگی کام خەونی چاو شینا
بۆ ساتێ دەخەوی؟
شەپۆلی کام بەردە
ئەم گۆمی ئازارەت ئەژەنێ؟
ڕەشەبای سەرزامی کام دەردە
وەک تیغێک ڕوومەتی ئەوینت ئەڕنێ؟
ڕوومەتی ئاڵی خۆر
لە لێوی سەردابت ناکەوێ
خونچەیەک لە بەختی تیانەچوون
لە باخچەی پاییزەی ژیانت نارِوێ
گەر ئەچی
هاتنەوەت بۆ نییە
لەم کۆچی تەنیاییە
گەرناچی
تەمەنی دەم مەرگی
ئاسۆی ئیوارەت دیارییە
کۆچ مەکە

با کزەی سەر تەرمی بێدەنگیت
مەڵاقت ووشک نەکات
مەوەستە
بازیاتر سێبەری ئەو خوایە
ئێشکی ڕچانت بۆ نەگرێ
لە خەمی ئەم بازنەی ژینەدای
ئەو دیوی بڤەیە
ناو بازنەش گڕکانی سوتانی
تەڵ تەڵی دەماری لاشەیە
ئەو گیانەی گشت ڕۆژێ
بۆ حەرفی بێ چاوو گلێنەی
لە هەست و لە نەستیا ڕۆڕۆیە
شەماڵی گریانی
شمشاڵی مرۆڤێ ئەژەنێ
گۆرانی نامۆبووی
لە سکی شەوێکی سامناکە
لە بارچوو
تۆێشوی خەمێکی زۆر گەورەی لەلایە
ئیمڕۆبێت  یا سبەی هەر ئەڕۆی
لە تەمی ئەم جوغزی ژینەدا
نابینی زۆر وێڵی
وەسێت بێت بەر لەوەی کۆچ بکەی
شەمامەی سەرسنگی پایزی قژڕووتت بیر نەچێ
بۆنی کەیت
لولە مۆر بۆ چاوی تاوانی ئەم مێژووە
سۆزانییە هەڵکۆڵی